# ئایا باسی کەسانێک چییە کە لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا سەیری ئاسمان دەکەن

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا باسی کەسانێک چییە کە لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا سەیری ئاسمان دەکەن»، بەردەوام بوو لە قسەکردن بە توندی وپێداگیر بوونە، هەتا فەرمووی: «دەبێت واز لەم کردەوەیە بهێنن، یان ئەوەتا بینینیان دەردەهێندرێت (چاویان لە دەستدەدەن -کوێر دەبن-)».

[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە بەو کەسانەی کە چاویان بەرز دەکەنەوە بەرەو ئاسمان لەکاتی نوێژدا کاتێك نزا دەکەن یان لە حاڵەتەکانی تردا، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لەم کارە کرد وهەڕەشەی دا لەو کەسەی ئەم کارە دەکات بەوەی ترس هەیە لەوەی چاوەکانی بەخێرایی لەدەست بدات بەشێوەیەك کە هەستیشی پێ ناکات، ولە کاتێکدا درکی پێدەکات کە نیعمەتی بینینی لەدەست داوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10883

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee